# گەڕانەوەی ئارەزومەندانە

**Sorani**
**Informationen für Asylbewerberinnen und Asylbewerber**
زانیاری بۆ داواکارانی مافی پەنابەری

## چی ڕوودەدات، ئەگەر داواکاری مافی پەنابەرێتیت ڕەتبکرێتەوە؟

لەگەڵ ڕەتکردنەوەی داوای مافی پەنابەرییەکەت دوا مۆڵەتێ پێدەدرێت بۆ دەرچونت لە وڵات. ئەو مۆڵەتەش لە باری ئاسایدا ۳۰ ڕۆژە، لە کاتی ڕەتکردنەوەی دواکارییەت بە هۆی ناڕۆشنی داواکاریەکەت ئەوە دوامۆڵەت هەفتەیەکە دەبێت. ئەگەر لەسەر ویستی خۆت وڵات بەجێ نەهێلیت، دەکرێت بە زۆری بتنێرنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت. تۆ دەبێ تێچووی گەڕاندنەوەکەت بۆخۆت بیدەی و هەروەها بۆ ماوەی چەندین ساڵ ڕێگات پێنادرێت بێیتەوە ناو وڵاتی ئاڵمانیا یان هەر وڵاتێکی تری ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا )قەدەغەکردنی هاتنەوە وڵات(. تۆ بە بێ بەڵگەنامەی مافی مانەوە ناتوانیت لە ئاڵمانیا بمێنیەوە: دورنییە هەر ساتێک لە لایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر بکرێیت و بتگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت.

## بە ویستی خۆت بڕیاری گەڕانەوەت بدە بە هاوکاری فەرمانگەی ئەڵمانی.

ئەگەر پارەی گەڕانەوەت بۆ وڵات بۆ دابین ناکرێت، ئەوە دەکرێت هاریکاری وەربگریت لە ڕێی پرۆگرامی گەڕاندنەوەREAG/GARP . ئەمەش REAG/GARP کورتکراوەی بەرنامەی گەڕاندنەوە و کۆچبەریە بۆ داواکارانی مافی پەنابەری لە ئاڵمانیا/ بەرنامەی گەڕاندنەوە بەرنامەیەکی هاوکاریکراوە لەلایەن دەوڵەتەوەیە. ئەم پشتیوانییە ڕێخۆشکەرە بۆ ئامادەکاری و داڕشتنی پلانی گەرانەوەت بێ کێشە. بەرنامەی گەڕانەوەت ڕێک دەخرێت و تێچووی گەشتەکەت دەدرێت. هەروەها هاوکاری مادی بۆ گەشتەکەت و دەستپێکی نوێ دەستەبەر دەکرێت. بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەر ویستی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ هەندێک وڵات چەند جۆرێکی تری هاوکاری و پشتگیری هەیە، بۆ کارئاسانی دەستپێکی نوێ، بۆ نمونە: هاوکاری لە دۆزینەوەی کار و جێی نیشتەجێبون و چەندین بواری تریش کە دەکرێت لە کاتی ڕێنمایی بۆ گەڕانەوەت قسەی لەسەر بکرێت.

## هەلی وەرگرتنی ڕێنمایی بۆ گەڕانەوە بێ بەرامبەر لێرە بە دەست بهێنە

ئەگەر حەز لە گەڕانەوەی ئارەزومەندانە بۆ وڵاتەکەی خۆت دەکەیت، ئەوە دەتوانیت لێرە هەر پرسیارێکت هەبێت بە متمانەوە لە ڕاوێژکاری گەڕاندنەوە بکەیت. ڕاوێژکارانی گەڕاندنەوە دەتوانن لە ئامادەکاری بۆ گەڕانەوە یارمەتیت بدەن، پشتگیری و هاوکاریەکانی REAG/GARP بۆ ئەوانەی بە ڕەزامەندی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ دابین بکەن. لە کاتی نەبونی بەڵگەنامەی گەشتکردنی باوەڕپێکراودا، بە هەمان شێوە هاوکاری دەکرێیت بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەی گەشتکردن. لە دانیشتنی ڕاوێژکاری دا وەرگێڕێك ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی دڵنیابن کە هەموو شتێک تێدەگەی. خۆشت سەرپشك دەکرێیت ئەگەر یەكێك بهێنیت بۆ کاتی ڕێنمایکردن وەك وەرگێر.



تۆ دەتوانی یارمەتی لە ڕاوێژکارانی دیپۆرتکردنەوە وەربگریت لەکاتێک دا داواکاری پەنابەرییەکەت لە پرۆسە دایە، بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی داواکاری پەنابەرییەکەت هەبێت.

گەڕانەوەی ئارەزومەندانە دەکرێت لە کاتێکدابێت کە هێشتا ڕەوتی پەنابەریەکەت کۆتایی پێنەهاتبێت، لەم بارەدا دەبێت داواکاری پەنابەرییەکەتان بکێشنەوە. پاش کێشانەوەی داواکاریەکەتان نوسینگەی باڵای فیدراڵی بۆ پەنابەر و کۆچبەران گشت بەڵگەنامەکانتان دەنێرێتەوە بۆ فەرمانگەی کاروباری بێگانەی پەیوەست بە تۆوە ) ئەو فەرمانگەیەی کە بەڵگەنامەی مانەوەت لێوەرگرتوە( و دەتوانیت لەوێ گشت بەڵگەنامەکانت وەربگریتەوە.

بنگەی ڕێنمای بۆ گەڕاندنەوە لەم ناونیشانەی خوارەوەیە:


| | |
|---|---|
| **Sebastian Leidinger**<br>Amt für Migration und Integration<br>Schützenstraße 69; 88212 Ravensburg<br>2. OG, Raum 219<br>Tel.: 0751/85-9886<br>S.Leidinger@rv.de | **Elisa Müller**<br>Amt für Migration und Integration<br>Schützenstraße 69; 88212 Ravensburg<br>2. OG, Raum 219<br>Tel.: 0751/85-9857<br>E.Mueller@rv.de |


بە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەتوانن لەم ماڵپەڕانە زانیاری زیاتر دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزومەندانە وەربگرن:
www.ReturningfromGermany.de/en

BAMF | RETURN

ڕاست کراوەتەوە لە: فێبرواری 2018